ئوروسیی‌یەوە پەیدابوون لە ناوچەکەو بە ئاراستەی ناوچەکانی‌رۆژهەڵات‌و رۆژئاوای روباری دیجلە بلاوبوونەوە،سەرکەوتووانە لە زەمانی سەردەمی بابلی کۆن لە روباری فورات پەرینەوە بەرەو رۆژئاوا[٧] . زمانەکەیان ویکچووو نزیك بە زمانی ئوراتی بووە(زمانی ئوراتی لیێك بووە لە زمانی قەوقازیەکانی کۆن‌و لە زمانە یێکەوە بەستراوەکانە)،خۆری‌یەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەری شارستانیەتی دۆڵی رافدەین‌و بە خەتی میخی‌یان دەنووسی لە ئەوانیان وەرگرتبوو.لە دەقاکانی ماری‌و لە دەقەکانی(خاتو شاش)ی پایتەختی حیثی‌یەکانی ناوچەرگەی ئەنادۆڵ ناویان هاتووە.هەروەها لە دەقەکانی (ئالالاخ)و(گڤاربازار)لە سوریا ناویان هاتووە.

سەرەرای باسی خۆری‌یەکان لە دەقەکانی دۆڵی رافدەین، لوتکەی دەسەڵاتی خۆری‌یەکان سەردەمی ئاشووری ناوەراست بووە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین.


دەقەکای شمشارە ئاماژە بە حاکمێکی شمشارە دەکەن بە ناوی(کواری) کە خوری رەگەزو دۆستی ئاشوری‌یەکان بووە،لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی نوێنەری پاشای ئاشووری (شمش ناصر) دا کاری کردووە .(شمش ناصر) بۆ خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی گواستنەوەی ئەو دیل‌و سەرکردەو پاشا راپەریوانەی دەکرد کە دژی دەسەڵاتی ئاشووری راپەریون وەکو: (خازب ریشوب)و(مارینبروم)و (زازیا)و ئەوانی تر .هەندێ لەوانە لە دەقەکانی شمشارە ناویان هاتووە هەندێیان نەفی کراون بۆ شارەکانی فوراتی نزیك ناوچەی رومادی‌و هەتا سنوری ئێستای سوریا.هەندێك لەوانە حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا دەدرا لە دوای روونبوونەوەی تاوانی شۆرش کرد دژ بە پاشای ئاشوری. بۆچوونێکی سەرەتایی هەیە کە پردی هیزۆپی دەروازەی دەشتی بیتوێن لەناوی شۆرشگێری خۆری (خازپ ریسوب)ەوە وەرگیرابێ ئەگەر بشێ پیتی(خا) بگۆرێ بۆ پیتی(ها) ئەوە شتێکی گونجاوە لە زمانی خۆری‌و دەربرینی نزیك هەر ( هنیزپ)ی بەکارهاتووی ئێستای دەبێت.ئەمە لە کاتێکدا خارپ ریشوپ و کۆمەڵێك لە لایەنگیرانی لە دوای نوشستی هێنانی راپەرینەکەیان دیل کران.

ئەگەر توێژینەوەی وردتر لەسەر دەقەکانی شمشارە بکرێ‌وپەیوەست بکرێنەوە بە کۆمەڵێك بەڵگەو پێوانەی تر لەوانەیە زانیاری زیاترمان لەسەر مێژووی کۆنی کورد بە دەست بکەوێ.

بۆ نمونە ناوی(زازیا)ی پاشای گۆتی هاتووە لە دەقەکانی شمشارە کە سەرۆکی هۆزی (تورکیکۆ)ی‌گۆتی‌یەو سەرۆکی بزووتنەوەی هەڵگەرانەوەی دژ بە پاشای ئاشوری‌یە.زازیاو خێزانەکەی‌و داروەستەکەی بە دیل دەگیرێن بەڵام نازانین چۆن رزگاریان بووە.زانیاریە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەم کە دوورخراوەتەوە بۆ شاری(رابیقۆم)ی نزیك رۆمادی.بەڵام زانیاریە مێژووییەکان ئاماژە بە درێژەدانی راپەرینەکەی دەکەن بە درێژایی دەسەڵاتی(شمش ئەددت)و ماوەی دەسەڵاتی کورەکەشی (ئەشمی دگان) کە دوای باوکی حوکمی کردووە،هەندێ زانیاری تر دەڵێ راپەرینەکە لە بارودۆخێکی نادیار کۆتایی پێهاتووە بەڵام باسی رێککەوتنامەش هەیە لەنێوان هەردوولا، ئەو رێککەوتنامەیەی بە رێککەوتنامەی ئاشتی ناشراوەکورەی پاشای ئاشوری(شمی دگان) کچی زازیا دەخوازێ‌و هەردوولا دیاری بۆ یەکتری دەنێرن.

هەروەها لە دەقەکاندا کۆمەڵێك ناوی ئەو شوێنە جوگرافیایانە هاتووە کە هەتا ئەمرۆش بەکاردەهێنرێن، وەکو شاخی کۆلارە کە بە شێوەی (کۆلار) هاتووە . شاری (ئالیە) کە ناوچەی (ئالّلا)ی ئێستایەو(سیقشامبۆم) کە دەگونجێ(چقز) ی ئێستای نزیك سلێمانی بێ یان (سەقز)ی کوردستانی ئێران.

چیای کۆسرەت بە ناوی (کیساراتی) لە دەقە ئاشوریەکاندا هاتووە. ولاتی( زازلم) دەگونجێ ناوچەی (ژاژەڵە)ی ئێستا بێ. هەتا ئێستاش زانیاریەکی زۆر هەیە پێویستی بەوە هەیە کەسانێك کاتی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن‌و لێی بکۆڵنەوە.



**کۆمەڵێك کەلوپەلی گڵینەی ماوەی ( حەسونە ) یە. رەنگاورەنگ و بە وردی دروستکراوەو مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی شەشەمی پێش زاین**

[٧] – جۆن بوتیرۆ ، حضارات الشرق الادنی المبکرة ، ترجمة عامر سلیمان .